





# جلی کوردی و بەدلەی بووک

کراسـی کوردی بۆ خانمان، بە گشت شێوەکان جوان و ڕازاوەیەیە، تەنانەت هەرچەندە گۆڕانکاری لەسـەر دەکرێ هەر لە شـێوە جوانەکەی خۆی دوور ناکەوێتـەوە، بۆیە تا ئێسـتا چەندین گۆڕانکاری و مۆدە و سـتایلی تازەیان دەرکردووە لەسەر جلی کوردی، بۆ ئەوەی خانمان پێوەی ڕازاوەتر و جوانتر بن.

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە دانانی سـتایلێکی جلی کوردی لەسـەر شێوەی بەدلـەی بووك، کە ڕەنگدانەوەیەکی جوان و ڕازاوەی لەخۆ گرتووە، تەنانەت بە نەخشێکی جوان، کاری لەسەر کراوە، بۆیە دەکرێ سوودێکی گەورەی هەبێ لە جوانی خانمانی بووکی کورد، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ئاهەنگەوە ئەو جلە بپۆشێ کە هەم جلی کوردی و جلی بووکە.

## سووراوی لێوت بکە

دیمەنێکی جوان لە دانانی سـووراو بۆ سەر لێو، ڕەنگێکی سـووری جەرگـی لەخـۆ گرتـووە و دەبێتە سـتایلێکی سەرنجڕاکێش.





# ماکیاژێکی تایبەت بۆ خانمان

چەندین ڕێگەی تایبەتمەند هەن دەتوانن جوانییەکی گەورە بەشێوەی ماکیاژی ڕووخسار دەربخەن، ئەمەش وادەکات ببێتە مۆدەیەکی جوان و رازاوە لەشێوەکان، تەنانەت لە نزیکەوە دیمەنێکی رازاوە لە ماکیاژەکان بەدی بکرێن، لەم ڕێگەیەدا چەندین ئاراستەی جیاواز هەن بۆ ئەوەی لەم لایەنەدا جوانی ماکیاژی ڕووخسار دەربکەوێ.

ئەو شێوەیە دەبێتە یەکێك لە شایستەترین مۆدەکانی ماکیاژی ڕووخسار، بۆیە لە نزیکەوە کاری بۆ دەکرێ و دەبێتە جوانترین یەکێك لە مۆدەکان، کە ڕەنگەکان بە تەواوی دابەشکراون و لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی ئەساس و ڕەنگەکانی دیکە، ئەمەش وادەکات جوانییەکی کراوە ببەخشێ.







## ناسکێتی لە کراسەکاندا

جلەکان کاتێك لە جەستەدا دەبن، دەبێتە ڕێگەیەك بۆ سەرنجڕاکێشی و ناسکی، تەنانەت هەندێکیان لە گشت وەرزەکان دەکرێ بپۆشرێ، چونکە جوانی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەم ڕێگەیەدا شێوازێکی شایستە هەڵدەبژێرێن بۆ ئەو جۆرە جلانە، یەکێك لە ناسکترین شێوە جلەکان بریتییە لە بلوز و کراس، کە یەکێکە لە شایستەترین مۆدەکانی جلوبەرگ، بەمەش دەبێتە ڕێگەیەك بۆ ئەوەی دیمەنێکی جوان ببەخشێ.

کراسەکان بە چەندین شێواز دەبن، هەر یەکە ستایلێکی جوان لەخۆ دەگرێ، بۆیە دەکرێ سوود لە هەر یەکەیان وەربگرین بۆ ئەوەی لە شوێنە تایبەتەکان بپۆشرێن، هەروەها دەکرێ لە ماڵەوەشدا وەك جلێکی سەرنجڕاکێش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

## ئەڵقە ڕەنگاوڕەنگەکان





ئەڵقەکان هێمای خۆشەویستی و جوانییە لە پەنجەدا، بۆیە دەبێ ئەڵقە بەجوانترین شێوە بێ، لەگەڵ ئەوەشدا دیمەنێکی ناسك و رازاوە ببەخشێ، هەرچەندە شێوەی ئەڵقەکان جوانتر بێ، زیاتر لە دەستی خانمان سەرنجڕاکێشتر دەبێ، لەم ڕوانگەیەدا بە شایستەترین شێواز ئەڵقەکان هەڵدەبژێردرێ.

مۆدەکانی پێشووی ئەڵقەکان بریتی بوو لە ئەڵقەی سادە، کەچی مۆدەی ئێستا پێکهاتووە لە شێوە ڕەنگاوڕەنگەکان بۆ جوانترین شێوەکان، ئەو چەند مۆدیە دەتوانێ شێوازەکان بە ناسکی و رازاوەیی خۆی دەربکەوێ، بۆیە مۆدەی داهاتووی ئەڵقەکان بریتی دەبێ لە ئەڵقە ڕەنگاوڕەنگەکان.








بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: مەهدی حاجی ساڵح بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :

Email: iwan_gardi@hotmail.com Mobile: 07504679560



# گەورەترین جامی مەی لە لوبنانە

ولاَتی لوبنان بەگەورەترین جامی مەی، جارێکی تر چوونە نێو پەرتوکی گینیس کە تایبەتە بەژمارە پێوانەییەکانی جیهان.

لە ڤیستیڤاڵێکدا کە بۆ مەی سازکرابوو لە لوبنان، گرووپێکی ئەو ولاَتە بە جامێك بەشدارییان کرد کە نزیکەی ١٠٠ بوتڵ عارەقی تێدا جێبۆوە، ئەمەش بەپێی وتەی یەکێك لەدادوەرانی فەرهەنگی گینیس دەبێتە یەکەم جامی مەی، پێش ریکۆردی پێشوو کەوت کە لە ولاَتی پورتوگال تۆمارکرابوو.

جێی ئاماژەیە درێژی جامەکە ٢،٤٠ مەترە، و پانییەکەی ١،٦٥مەترە.

# کلاَشینکۆفە زێرپۆشەکەی سەددام لەلای کچی سەرۆکی هەواڵگیری بەریتانیایە

جۆن سوارز سەرۆکی دەزگای ئاسایشی دەرەکی بەریتانیا تووشی لێپێچینەوەیەکی سەخت بوو، کەلەلایەن راگەیاندنەکانی ولاَتەکەی خرابووە سەری دوای ئەوەی وێنەیەکی کچەکەی بلاَو کرایەوە کە کلاَشینکۆفەکەی سەرۆکی پێشووتری عێراقی بەدەستەوەیە.

رۆژنامەی «سەندەی میرۆر»ی بەریتانی رایگەیاند کە «کۆرین»ی تەمەن ٢٣ ساڵ ئەو کلاَشینکۆفەی لەباوکی وەرگرتووە و، و رۆژنامەکە پێشبینی ئەوەی کرد کە لەساڵی ٢٠٠٣ لەدوای ئازادکردنی عێراق لە خەزێنەکانی سەددام دەریهێنابێت، ئەمەش وەك چەتەیی لەقەڵەم دەدرێت چونکە خەڵکی عێراق خاوەنی راستەقینەی ئەو پاشماوانەی رژێمی پێشوون.



# سەیرترین تەبرید!

گەرمای ئەوساڵ گەرمایەکی سەیر بوو، هەندێك رۆژ گەرم و هەندێك رۆژی دیکەش سارد تاوەکو ئێستاش جار جارە کەش گەرم دەبێ و دەبێ چارەسەری خۆمان بکەین، کەچی وادیارە ئەو گەرمایە وایکرد کە کاری سەیر ئەنجام بدرێ، بە تایبەت لە شوێنە گشتییەکان، ئەوەی دەیبینن وێنەیەکی جوانە، کە بیرۆکەیەکی سەیریان داناوە لەوەی چۆن ناو ئوتۆمبێلەکانی گواستنەوە فێنك ببێتەوە.

وەکو دەبینن کە موبەرِیدەیان داناوە و بەهۆی ستوونی گواستنەوەی هەوا، لە ناو موبرِیدەکەوە بۆ ناو ئوتۆمبێلەکان دانراوە، ئەمەش دەبێتە سەیرترین بیرۆکەکان بۆ ئەوەی هاوولاَتیانی گەشتیار لە کەشێکی فێنك بن.







# فڕۆکەش زیندەبەچاڵ دەکرێ

شـــاردنەوەی کەرەســـتەکان بێگومان ڕۆژێك دادێ دەبێ ئاشکرا بێ، ئەمەش هەرچییەك بێ، یەکێك لە کارە سەیرەکان کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی پێشوو ئەنجـــام دراوە، بریتییە لە شـــاردنەوەی فڕۆکەیەکی جەنگی لە ژێر گڵ، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە ســـەیرترین کارەکان، کە چـــۆن فڕۆکەیەکی بەهای (١٠) ملیۆن دۆلار بێت بخەیتە ژێر گڵەوە.

ئەو فڕۆکەیە لەشاری ئەنبار ژێر خاك کراوە بە مەبەستی شاردنەوەی، وادیارە بەم دواییە لەلایـــەن هێزە ئەمریکییەکان ئاشکرا کراوە و ئێســـتاش دەرهێنراوە و کەچی مـــۆدەی ئەو جـــۆرە فڕۆکەیە نەماوە.




## بۆیاخ کردن بووە بە وەزیفە

ئەوەی دەیبینن وێنەیەکی جوانە بۆ ئەو بۆیاغچییەی کە بڵاوکراوەیەکی بۆ خۆی کردووە، تەنانەت لە بڵاوکراوەکە کاری ڕێکلامی بۆ خۆی کردووە، تیایدا نووسیویەتی (پێشـــانگای.. بۆ بۆیاخکردنی هەموو جۆرە پێڵاوێك بە جوانترین شـــێوە) ئەوەی سەیرە لە خوارەوە نووسراوە (ئەزموونی ١٠ ساڵ لە بۆیاغ کردن)، وادیارە ئەو برادەرە نزیکەی دە ســـاڵانێکە ئەو کارە دەکات و کارەکـــەی بە ئەزمـــوون و خزمەت ناوزەند کـــردووە، ڕەنگە دوای چەند ساڵانێکی دیکە، بنووسێ (من خانەنشین بوومە لە کاری بۆیاخ کردن)!



## دەوام بە جلی کوردی

مام (عیزەدین مەجید)، یەکێکە لـــەو پیاوانـــەی حەز بـــە جلی کوردی دەکات، ئێستا لە یەکێك لە پەیمانگەکانی کوردستان کارمەندە، ماوەی چەندین ساڵە بەجلی کوردی وەك (پێشمەرگە) لەســـەر کارەکەی خـــۆی بەردەوامـــە و دەوام دەکات. شایەنی باسە بەجلێکی کوردی لە سەرەوە تاوەکو خوارەوە، واتە جامانەو کلاشیشـــی لەگەڵدایە،

ئا : ڕەوەند بەختیار

## دەبێ ئەوە تەواو بێ!




ئەگەر سەیرێکی ئـــەو بـــرادەرە بکەن، ڕەنگـــە تەزووێـــك بە لەشـــتانەوە دێ، چونکـــە وەکو ئەوەی تەواو نەبێ و تەنیا بـــۆ پاککردنەوەی پەنجەرەکەی لە بەرزایی ئەو باڵاخانە بەرزەوە کاری پاککردنەوە دەکات، ئەو باڵەخانەیە نزیکەی (٤٠) نهۆم دەبێ، هەر چۆنێك بکـــەوێ، هەر پارچەی لە شـــوێنێك دەکەوێ، کەچی ئەگەر بە وردی ســـەیری بکەی، خۆی بە دەســـتێك گرتووە و دیمەنێکی ســـەیر و جوان دەبەخشێ، کە کەس بە ئاسانی ناتوانێ کاری لەم جۆرە ئەنجام بدات.






**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئێستا کاتێکی زۆرباشە بۆ دەستپێکردنی سەرەتایەکی نوێ لەو بوارانەی پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە لەژیانتدا، کەسێك دەیەوێت بێزارت بکات هیچ بایەخ بەقسەکانی مەدە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

پەیوەندی نێوان خۆت و نزیکترین کەست وەك جاران بەهێز نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی هەردووکتان، هاوڕێیەکت هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوانتان بەهێزتر بکات.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کاتەکە وا دەخوازێت بەشێوەیەکی خێراتر کارەکانت ئەنجام بدەی، هەموو کاتێك خەون بە پلەی بەرزتر ببینە کەسانی خاوەنی ئەم بورجە شایەنی ئەوەن پلەی بەرزیان پێ ببەخشرێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کەسی بەرامبەر داوای وەڵامێکی بەپەلە دەکات، بیر بکەوە کام ڕێگا باشترینە ئەویان هەڵبژێرە، بەڵام ئاگاداری ئەوە بە ڕێگا مەدە بە قسەی خۆش کاریگەریت لەسەر درووست بکات و بە شکستی خۆت تەواو بێت.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

تۆ کەسێکی سەرکەوتووی ئەم ماوەیە چەند چالاکییەکی گرنگت ئەنجام داوە و سەرکەوتنت بەدەست هێناوە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ببیتە مایەی سەرنجی خەڵك، بەڵام نابێت لەخۆبایی بیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

پێش ئەوەی هەوڵی دڵخۆشکردنی خەڵك بدەیت دڵی خۆت خۆش بکە، ناکرێت هیچ بایەخ بە خۆشییەکانی ژیانت نەدەیت و ئارەزووی خۆشبەختی کەسانی تر بکەیت، دڵی خۆت شاد بکە ئینجا دڵی کەسانی تر.

**ئامادەکردنی:داریۆ**

# ئۆتۆمبێل بە شەربەت کار دەکات




بەرنامەیەکی جیهانی هەیە بە ناوی (ملیونێر یان کێ ملیونێك دەباتەوە)، وادیارە لەلای خۆشمان ئەو کارەیان کردووە بۆ ئەوەی وەك وڵاتانی جیهان لەم بەرنامەیەمان هەبێ، بەڵام یەکێك لە پرسیارەکانی بەرنامەکەی خۆمان، زۆر سەیرە، کەس نازانێ بۆ ئاسانکارییە یان گاڵتەجارییە. نووسراوە (ئوتۆمبێل) بە چی کار دەکات؟

وەڵامەکانیش ئەمانەن : (چا – شەربەت – بەنزین – ماستاو). توخوا ئەو پرسیارە لە منداڵێك بکرێ وەڵامەکە دەزانێ، کەواتە پرسیاری وا بۆ!!

## کۆمپانیای (١٠٠٠) دیناری!

**چەندین تابلۆی سەیر بەم دواییە دەرکەتووە، کە هەر یەکەیان ناوێکی خۆشیان بۆ داناوە، هەر یەکەش بەپێی حەز و ویستی خۆی کارەکەی کردووە، ئەوەی دەیبینن نووسراوە کۆمپانیا و سوپەرمارکێتی (١٠٠٠-٢٠٠٠-٣٠٠٠-٤٠٠٠-٥٠٠٠)، زۆر لەلام سەیرە، کە ناوی لەم جۆرە ناوێکی کۆمپانیا یان**




## نوکتە

- کابرایەک دەچێت پێڵاو بکڕێت. تاکی پێڵاویک بەرزدەکاتەوە و دەڵێ: کاکە ئەمە بەچەندە؟ کابرای دوکاندار دەڵێ کاکە گیان ئەوە بە سێ هەزارە. کابـــرا دەڵێ: ئەی هەردووکی بە پێنج هەزار نابێ؟

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا (٦) جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە





| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ■ | | | | | ■ | ■ | | | | | ■ | ١ |
| | ■ | | | ■ | | | ■ | | | ■ | | ٢ |
| | | ■ | | ■ | | | ■ | | ■ | | | ٣ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ٤ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ٥ |
| | ■ | | | | | | | | | ■ | | ٦ |
| | | | ■ | | | ■ | | ■ | | | | ٧ |
| | | ■ | | | | | | | ■ | | | ٨ |
| | ■ | | | | ■ | ■ | | | | ■ | | ٩ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ١٠ |
| | | | ■ | | | | | ■ | | | | ١١ |
| | | | | | | | | | | | | ١٢ |


## ئاسۆیی:

١- رووبارێکی کوردستانە-شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ).
٢- گێژ(پ)- رەوشت- بۆ(پ).
٣- نیوەی سەلت- دوو پیت لە سەیر- ژێر.
٤- جۆرە بۆنێکە(پ)- دوو پیتی نیل- شوو.
٥- زوو- ژمارەیەکە- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).
٦- یاریەکی وەرزشییە.
٧-زێڕ(ت)- نیوەی وادە-درەخت.
٨- رووبار- ناوێکی کوڕانە(پ)- ژمارەیەکە.
٩-ناونیشان(پ)-وڵاتێکی ئەوروپیە(پ).
١٠- دراوێکی ئەوروپییە- وەکو یەك- کچە گۆرانیبێژێکی کوردە.
١١- سێ پیت لە کاوە- شایی(پ)- بارنی لەسەرخۆ(پ).
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچکردووە.


## ستوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچکردووە(پ).
٢- میوەیەکە- رێگا- لەبەرچی بە E.
٣-پرس (پ)- شارێکی کوردستانە- جۆرە بڕوانامەیەکە(پ).
٤-چیایەکی کوردستانە- سێ پیتی یورو.
٥- هۆزێکە لە ئەوروپا- وەکویەك.
٦-بزە سێ پیتی هێمن.
٧- مانگێکی کوردییە(پ)- دراوێکە (پ).
٨- چیایەکی کوردستانە(پ)- کانزایەکە(پ).
٩- شارۆچکەیەکی کوردستانە(پ)- نیوەی بیکهام.
١٠- تەنیشت(پ)- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە(پ)-کچە گۆرانیبێژێکی کوردە.
١١- بەشێکە لەسەر- نەخێر(پ)- مان(ت).
١٢-سەرکردەیەکی ئاسیابوو(پ).


ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**
پێویستە بروا بە هەموو قسەیەك نەکەیت دەربارەی ئەو کەسەی لە دڵت دایە، زۆرجار کەسانێك قسەی ناڕاست دەکەن بۆ کۆتایی هێنانی پەیوەندی نێوان ئەوانەی خۆشی ناوێن، ئاگاداری ئەم خاڵە گرنگە بە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**
ئەگەر خۆشەویستت نییە و ئارەزوو دەکەی کەسێك ببێتە خۆشەویستت، ئەوا ئەم ماوەیە دەرگای بەختت دەکرێتەوە و کەسێك هەڵبژێرە کە دڵنیای ئەویش تۆی خۆش دەوێت.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**
هەست بە بێزاری دەکەی بەهۆی خراپی لایەنی داراییت، مەرج نییە هەموو کاتێك قسەی خۆت ڕاست بێت، ئەم ماوەیە هاوڕێ ڕاستەقینەکانت دەناسیت کاتێك پێویستت بە یارمەتیان دەبێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**
دەبێت زۆر بەهێز بیت لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی هەر گرفتێك، کەسێك ماوەیەکە دەیەوێت داواکاریەکی تایبەتت ئاراستە بکات لە ئایندەیەکی نزیکدا چاوت پێی دەکەوێت و نهێنییەکی گرنگت بۆ باس دەکات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**
دڵی کەسی بەرامبەر مەشکێنە و داواکارییەکانی جێبەجێ بکە، کە دەزانی ئەو بەڕاستی خۆشی دەوێی بۆ خۆشەویستی زیاتری پێ نابەخشی، هەواڵێکی خۆش لەڕێگادایە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**
ماوەیەك پێش ئێستا هەڵەیەکی بچووکت ئەنجام دابوو ئێستا کاریگەریەکانی بەدیار دەکەوێت، ئەمەش وات لێدەکات نەهێڵی هەڵەی لەو جۆرە لە ئایندەدا دووبارە بکەیتەوە.

hemntoni@yahoo.com

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (میسی) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..



ئەم خانەنانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

-پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێك چاوی نەبینێ)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێك هێمن بێ)
- پیتی خانەکانی (١+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئاوەڵناوی پرسە)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی کەم)!

